# پیف لەم پارێزەرانەی مافی مرۆڤ؟؟!!. . جەمال فەتاح

ڕووداوی سەیر سەیر لەسەر سایتی ئیتلاعات پۆست ڕوودەدات بەڕاستی هەر بۆپێکەنین باشن، ئەمڕۆ سەرێکم لەوسایتە پڕلەدرۆ وبوختانەدا بینیم سێ نامە نوسراوە بەناوی کوردستانپۆستەوە، تۆبڵێن بۆ کێوکێ نوسراوە؟؟!! یەکەم جۆرج دەبلیوبوش سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکان، دووەم تۆنی بلێرسەرۆک وەزیرانی بەریتانیا سێیەم سەرۆک وەزیرانی سوید، لەم سێ نامەیەدا باسی گرتنی کەمال قادرئەکەن، ئاخر ئێوەی نەبوو ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردن تاکو ڕێگا بەخۆتانبدەن خۆتان لەقەرەی وەها نامەیەک بدەن؟!!، ئاخر ئێوە لەسەر ئاستی سیاسی کۆمەلایەتی ئیداری کورد وەزنتان چیە؟!! تاکونامە بۆسەرۆکی ئەمریکا بنوسن؟ یان بۆسەرۆکی وڵاتان بنوسن، ئێوەی داماو پیس خۆتان لێگۆڕاوە وەکو ڕیویەکە خۆتان لێبووە بەشێر بەڵام بەڕاستی ئەوجۆرەشتانە ئەوەندەی تر ڕیسواتان ئەکات، کورە پیاوی چابن کارێک مەکەن خەڵکی ڕەوانەی دکتۆری ڕەوانی تانبکەن، .

وتی لەکابرایەکیان پرسی ناوت چیە وتی یوسف وتیان ئەها وێڵفس ئەی باوکت ناویچیە کابراش وتی هەرچی خۆم تەواومکرد نۆرەی باوکمە، بەڵام جارێ ئێوە لەهەزار لاوە کونتان تێبووە کەچی هێشتا بەردەوام خەریکی کونکردنی خۆتانن ئاخر جارێ ئەم لاتان تەواو نەکردووە تاکو لایە کیتری خۆتان کون تێبکەن.

کاکە دەستەی نوسەرانی هینپۆست ئێوە زۆر سەهون ئەوەندە دەمارگرژن هەر بەبێ گاڵتە ئاگاتان لەخۆتاننیە چی ئەنوسن وچی ئەڵێن بەڕاستی لەخەڵکی کوردو سەردەم دابڕاون ئێوە ئەڵێی لەسەر ئەستێرەیەکی تر ژیاون نەک زەوی، وەک ئەوکابرایەتان لێبەسەر هاتووە وتیان کابرایەک کۆلکەگۆرانی بێژ بوو 30 ساڵ لەزینداندا بوو کاتێک لەناوەڕاستی هەشتاکان بەر ببوو گۆرانیەکانی ڕەشۆلی نەمری ئەوتەوە وتیان بابە ئەمە گۆرانی چلەکانە بۆئەم چەرخەنابێت ئێستا گۆرانی بێژی نوێ هەیە کەچی لەوەڵامدا ئەیوت بۆچی گۆرانی بێژی تریش هەیە؟؟، بەڕاستی ئیوەش واتان لێبەسەر هاتووە تەنها بەئەقڵی خەفیفی خۆتان ڕازین ئەمەش دیارە هەڵەیەکی گەوەرەیە تێی کەوتوون، ئەقڵتان لەجێ چووە وپێویستی بەجەڕاحێکی باش هەیە تاکو بهێنێتەوە جێ.

ئاخر توخوا ئەمەکاری کردنە تۆهەمو جەستەت پڕبێت لەتاوان ودرۆ لەنوسینیشداجنێو و درۆنەبێت هیچ زمانێکی دیکەتان لەبەر نەبێت کەچی هەڵسی خۆتبکەیت بەنوێنەری مافی مرۆڤی کورد ونامە بەبێ زەریبەو باج تەخشان وپەخشان بکەیت بەم لاو لادا؟؟!!، .

ئاخر مرۆڤ چۆن پێنەکەنێت تەنها پێنج کەسی قوپاو دژی ڕای چل ملێۆن کورد ڕابووەستن وهێشتا بڵێن ئێمە ڕاسترین لەو چل ملێۆنە توخوا ئەمە لەناو قوتووەکانی دوکانی خوالێخۆش بوو حاجی عارفی عەتاریشدا بووە؟؟!!کورە سەمەرەی وەک ئەمانە هەر نیە سەیرن سەیر؟.

ئاخرکورد یەک سەدەیە شۆڕش ئەکات یەک سەدەیە قوربانی ئەدات کەچی ئێوە دژی ئەو یەک سەدە شۆڕشەن دژی سەرکردایەتی ئەو یەک سەدە شۆڕشەن، ئەوڕایەی ئێوەش لەهەزرو هۆشمەندی ورۆشنبیری وخەبات ودڵسۆزی ونیشتمانپەروەرییەوە نەبێت لەهەمووشتێکەوە نزیکە؟؟!!.

بەڕاستی لەسنوری هەر پیرۆزی وشکۆمەندیەک دەرچوون مرۆڤی ڕۆشنبیر ئەوەیە سنوری خۆی بزانێت وتەنهاو تەنها لەپێناوی خزمەتی گشتی کۆمەڵگادا بنوسێت وزمان وپێنوسی

ڕای زۆربەی هەرە زۆری گەل بێت بەڵام تووسەری خۆتان پێمان ناڵێن ئێوەی پێنج کوچکەی جنێو سێ ساڵە جنێو ئەنوسن سێ ساڵە ئەوەندەتان جنێو و وتەی هەرزان کردوە بەکوردو شۆڕش وسەر کردایەتیەکەی کەف بەلالەغاوەتاندا هاتووەتە خوارەوە سێ ساڵە خۆتان شین ومۆرکردووەتەوەو هەمووتان تووشی فشاری خوێن هاتوون ئەوەندەتان قیڕاندووە چیتان دەست کەوتووە یان چی خێریکتان بەگەلی کورد گەیاندووە، وەئایا ئەو زبڵانەی ئێوە ئەینوسن جگەلە دوژمنانی نەتەوە کەمان کێیتر کەڵکی لێوەر گرتووە؟؟!!، جاپیاوی چابن با قیرەگونیش نەبن کورە کەم بقیرێنن لەکەلەی شەیتان وەرنەخوارەوە؟؟!!.

جمال فتاح
2005/11/6
لەندەن